# هەر بەندەیەک عەیب وهەڵەی بەندەیەکی تر بپۆشێت -سیتر بکات- لە دونیادا؛ ئەوا خوای گەورەیش لە رۆژی قیامەتدا ئەو بەندەیە دەپۆشێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر بەندەیەک عەیب وهەڵەی بەندەیەکی تر بپۆشێت -سیتر بکات- لە دونیادا؛ ئەوا خوای گەورەیش لە رۆژی قیامەتدا ئەو بەندەیە دەپۆشێت».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەر مسوڵمانێك مسوڵمانێکی تر بپۆشێت لە هەر مەسەلە وشتێکدا بێت، ئەوا خوای گەورەیش ئەو دەپۆشێت وسیتری دەکات لە ڕۆژی قیامەتدا؛ پاداشت لە شێوەی کردەوەیە، وخوای گەورە هەڵە وعەیب وتاوانەکانی دادەپۆشێت وپیشانی نادات بەو خەڵکەی وەستاون لە گۆڕەپانی حەشردا، ولەوەیە لێپرسینەوەیشی لێنەکات لەسەریان وباسیشیان نەکات.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee